کێشەی دژوار، ئەو زاتە پیرۆزانە وەک منداڵی خۆیان سەیری هەموو خەڵکیان دەکرد، هەمیشە خەڵکیان بۆ کردەوەی چاکە و خوداناسی هان دەدا. خەڵکێکی زۆر لە هەموو لایەکەوە ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەبوو دەهاتن و بڕوایان پێیان هەبوو چاک دەبوونەوە بەبێ ئەوەی لە بەرامبەر ئەوە هیچ شتێک لە خەڵک وەربگرن، وە خۆیان بەکاری دەستی خۆیان دەژیان بۆ نمونە هەر بە هۆی ئەو بنەماڵە گەورەیەوە ئەو هونەرمەندانە روویان لە تەلەخێم کردووە وەک خوالێ خۆش بووان (مەحەمەد عارف جەزراوی، عیسا بەرواری، رەسوڵ گەردی، حەسەن جەزراوی، مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق ، شەماڵ سائیب). هەمیشە ئەو شێخانە بیری کوردایەتیان هەبووەو دۆستایەتی نزیکیان لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە. زیاتر لە هەزاران سولحیان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە، کە خوێنداری وا هەبووە، دەیان کەسی تێدا کوژراوە. ئەوان چارەسەریان کردووە بەتایبەت جەنابی شێخ سەلاحەددین بەکاروباری سولحەکان هەڵدەستاو تابلێی سەخی تەبیعات و چاوتێر بوو، هەموو جەژنە ئایینەکانی ئیسلام خەڵک لەم تەکیەیە نانی جەژنەیان دەخواردو جەژنانەیان لەیەکتر دەکرد.

وە هەروەها سێ جەمە خەڵک نانی لەو تەکیەیە دەخواردو هەر غەریبەیەک یا ڕێبوارێک رووی لەو گوندە بکەو تایە دەچووە تەکیەو نانی خۆی دەخواردو شەویش لێیی دەنووست. بەچاکترین و باشترین خواردن خەڵک و میوان بەڕێ دەکران.

بەر لەوەی لەتەکیە دەست بەنان خواردن یان چایەخواردن بکرابوایە دەبوایە سێ جار خەڵکەکە دەنگ بەرزبکەنەوە بڵێن (لااله الا الله) یەک جار لە کۆتاییەکەی بڵێن (محمد رسول الله).

دووکەس لەتەکیە لەبەر سەماوەر چایەیان لێدەناو تێدەکرد (عەولا کەر، برایی عومەر گەوەر) وەهەروەها چەندین کەسایەتی ناودار دەهاتنە ئەو تەکیەیە بەسەردان وەک (مەلا عەبدولکەریمی مدرس، عەلائەددین سەجادی، شێخ محەمدی خاڵ ، مەسعود مەحەمەد.. سامی عەوداڵ).

وەهەروەها لەساڵی ١٩٦٣ تەلەخێم یەکەم گوندبوو رووبەڕووی تەعریب بووەوە رژێم هێزێکی زۆر لە (حرس قومی) کۆکردەوە بەسەر تەلەخێمیان دادا تەلەخێم بەخوێنی ئەو شەهیدانە سەروەری و داستانێکی گەورەی تۆمار کرد وەک شەهیدان (تایەر و ئەنوەر مەلا مەحەمەد جوکوژ و حەمەد عەلی حاجی سادق، عەزیز عوسمان و یاسین تەها بابان و ئەنوەر رەمەزان بابان) کە هەر هەموویان بۆ بەرپەرچدانەوەی تەعریب و کوردایەتی خۆیان بەخت کرد وە بەسەر شۆڕی زیاتر لە (١٣) کوژراوی رژێم، وە هەروەها کارەکەش هەر بەمەنەوەستا ئەوەبوو هەر قارەمانانی گوندی تەلەخێم کە پێشمەرگەی ڕێبازی کوردایەتی بوون لەساڵی ١٩٦٧ بۆسەیەکیان بۆ (شێخ حەنێش) دانایەوە کە سەرۆک عەشیرەتی (طائی)

بوو، کوشتیان. لەدوای ئەوە عەرەب لەناوچەکە چاویان شکاو، چەندین شێخی عەرەب لە سوریا و شوێنی تر هاتنە بەغدا بۆ تۆڵەی (شێخ حەنێش) کە بەسەر ناوچە کوردیەکان دابدەن بەتایبەت گوندی تەلەخێمی گەورە ئەوە بوو رژێم هێنانیە شاری موسڵ و کۆبوونەوەیەکیان لە موسڵ کرد شێخە عەرەبەکان بەسەرپەرشتی رژێم کەیەکێک دەست نیشان بکەن ناوو دەنگی هەبێ و لە تۆڵەی شێخ حەنێش بیکوژن ئەوەبوو رژێم بڕیاری داو کۆبونەوەکە گوازرایەوە بەغداو حەوت رۆژی خایاند هەموو عەرەب هەژان و تاسان بە کوژرانی شێخ حەنێش بۆ نمونە مامۆستا (هەژار)ی شاعیریش شیعرێکی بۆ ئەم رووداوە نووسیوە. وە لە دوای کۆبوونەوەکەی رژێم لەگەڵ شێخە عەرەبەکان بڕیاری ئەوە درا کە جەنابی (شێخ سەلاحەددین باقلانی) بکوژن کەشێخی کوردانەو ناوو دەنگێکێ گەورەی هەیەو بەمە دەتوانن تۆڵەی شێخ حەنێش بکەنەوە، ئەوەبوو بەسەفەرێک شێخ سەلاحەددین باقلانی و ئەسعەدی کێخوا مولود و عەلی حەمەد بلەی سەفەرێکی ناحیەی گوێڕیان کرد، دیاربوو عەرەبەکان زانیبویان شێخ و جەماعەت سەفەری گوێڕ دەکەن لە هەموو لایەکەوە بۆ سەیان لەناو گوێڕ دانابووەوە کە ئۆتۆمبێلەکە ئەسعەد لێی دەخوڕی گەیشتنە ناوگوێڕ ژنە عەرەبەکان بە هەلهەلەو عەرەبەکانیش لە هەموو لاوە دەستڕێژیان کرد، دیاربوو ویستبوویان دەخالەت بۆ قشڵەی گوێڕ ببەن کە نەکوژرێن گەیشتبوونە بەردەرگای قشڵەش لەوێش لە هەموولایەک کەوتبوونە بەر رێژنەی گوللە ئەوەبوو دەم و دەست ئەسعەدو عەلی شەهید بوون و شێخ سەلاحەددین بەسەدان گوللەی پێ کەوت شەهید نەبوو ئەم رووداوە لەساڵی ١٩٦٩ بوو.

هەروەها لەساڵی ١٩٧٣ دوای بەیاننامەی یازدەی ئازار بڕیادرا نەخۆشخانەیەک و خوێندنگایەکی ئامادەیی دروست بکرێت ئەوەبوو زەوییەکەش دەست نیشان کرا رژێم لەگەڵ هەڵوەشانەوەی بەیاننامەی یانزەی ئازار پاشگەزبووەوە و دروستی نەکرد، تەنیا تاکە ژوورێکیان لەساڵی ١٩٧٠ دروست کرد لە حەوشەی خوێندنگاکە ئەویش مامۆستای وانەی ئینگلیزی بەناوی مامۆستا (فەرەج) لێی دەخەوت کە مەسیحی بوو ئەو زمانانەی دەزانی (کلدانی ـ فەڕەنسی ـ ئینگلیزی ـ ئەڵمانی ـ عەرەبی ـ رووسی ـ یۆنانی ـ کەمێک کوردی). ئێستاش تا نووسینی ئەم بابەتە مامۆستا فەرەج ماوەو تەمەنی (٨٨) ساڵەو لەبەر دەرگای بازاڕگای هەولێری بن قەڵات کەوتووەو دەرۆزە دەکات و پیرەو بێکەسە، خێرەمەندێک بەناوی سەلام لەگەڕەکی تەیراوە ژوورێکی دەداتێ لێی دەخەوێ و ئێوارانیش دەرۆزە دەکات بۆبژێوی ژیانی لەو گوندەدا چەندین هۆزی جیاجیای تێدابوو کەچی بێ کێشەبوون وەک برا دەژیان وەک ئەمانە (بەرزنجی، رۆژبیانی، خۆشناو، بڵباس، گەردی، مەرزان، زەنگەنە، هەمەوەند، سورچی، شێخانی، شێخ بزێنی، ئاری کوتکی، لەک، گەرگەری کە

عەبدۆییان پێدەگوترا، ئۆمەربل، بابان، ئاکۆ، جاف) ئەوانەی کە دیوەخانیان هەبوو لە تەلەخێم کێخوا سلیمان، رەسوڵ حەمەد ئاغای، وە هەروها ئەحمەدی حاجی رەسولی، حاجی ئەمین پیرە، حاجی زەینەڵ کەریم بلّباس، مەحموودی حاجی کەریمی، وەلی حاجی سمایلی، حاجی سادق رۆژبیانی، عوسمان مەولود، مەلا عەبدوڵڵا حەسەن زەریف ... هتد..

هەروەها لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە چەند ئۆتۆمبێلەک لە نێوان هێڵی تەلەخێم و هەولێر کاریان دەکرد تا ساڵی (١٩٦٣) ١- پەستی شەهیدان تایەر و ئەنوەر رۆژبیانی ٢- پەستی ئەسعەد کێخوا سلیمان ٣- پەستی محمود وەلی و حسن وەلی وەهەروەها لە دوای ئەوان سمایلی حاجی ئەحمەد عەبدۆیی وەهەروەها مەحمود وەلی، ئەمانە پیکابیان هەبوو.

هەروەها ئەوانەی قەمەرەیان هەبوو حاجی نایف مولود، حەسەن وەلی، حاجی زرار مەرزانی، نەعمان حاجی حەمە ساڵح مەرزانی، سابیر حاجی حەمەد موغ بایزە، سەدرەی قادری برای کێخوا سلێمانی، ئەسعەدی برای کێخوا سلێمانی.

هەروەها عومەری حاجی ئەمین پیرە شوفێری شێخ سەلاحەددین باقلانی بوو جێب لاندرۆڤەرێکی رەش بوو، وە هەروەها مەحمود وەلی شوفێری شێخ سەلاحەددین بوو لە پیکاب جێمسی . وە حەمەد حاجی حەمە ساڵح مەرزانی و حەمەد عەلی، نایف مەحمود، قادر سادق تەها رەشکە، حاجی بەکر حاجی سەددیق ئەوانە هەموویان جێب لەندرۆڤەریان هەبوو، لێردەدا ئەمانەمان بۆ نمونە هێنانەوە خۆی سەرجەمی هەموو سەیارەکان لە١٩٥٢ تا ١٩٧٦ بەهەموو جۆرەکانیەوە(٣١) ئۆتۆمبێلی لی بوو بێجگە لە ئۆتۆمبێلی گەورەی بار هەڵگر وەک (لۆری) یاخود (تراکتۆر) وەهەروەها ئەو گوندە (٥) دەراسەی لێبووە کە خاوەنەکانیان ئەم بەرێزانە بوون:- حاجی مەحموود ئیبراهیم، حاجی نایف مەولود، عومەر حاجی ئەمین پیرە، حاجی بەکر حەمەد ئاغا، حەمە شەریف، بەڵام دەراسەی حەمە شەریف لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی رژێم سوتاندی پیاوە سەیرو نوکتە زانەکانی ئەو گوندە برایم عومەر گەوەر، سمۆی عوسمانە قوت. بەڵام ئەو پیاوە باشانەی کەکەس لە سوعبەتەکانیان تێر نەدەبوو حاجی سادق رۆژبیانی، خەلیفە خەلیل رۆژبیانی، عەولآ مامز، قادر مستەفا قادر ... هتد..

ئەم گوندە هەر لە کۆنەوە حەیران بێژی زۆر بەتوانای تێدابوو وەک ئەو بەرێزانە:

لە هەموو بۆنەو ئاهەنگی شەوانە حەیران و لاوکیان دەگوت: خدر عەولآ سێوێ لە پەنجاکان حەیرانی دەگوت: وە حوسێن حەمە ناسراو بە حوسێنە فیلەو کاکە حەمەد، عەبدولآ رەمەزان بێزار، سمایل وەلی، حەسەن حەیران، محێدین مستەفا مەولود حەمە، عوسمان حەیران، ئەنوەر مەلا محەمەد جوکوژ، برایم حەمەد زەعلان، نوری حەمەد زەعلان، قادر عومەر سێوێ.. هتد.

ئەم گوندە لەسەرەتای

شۆڕشی ئەیلول تا ئێستا (١٣٧) شەهیدی بەخت کردووە بۆ کوردایەتی.

لێرەدا ناتوانین ناوی هەموو شەهیدەکان بنووسین.. سەبارەت، بەمامانە باشەکانی ئەم گوندە ئەم ئافرەتە بەڕێزانە بوون: ـ مریەمی کەریم مەلا مەحمودی کە دەکاتە خێزانی کەریمی حاجی خدری، هەمین حەمەد ئاغا خێزانی جەمیل، عەیشێ مەحمود زێزی، زارێ سۆفی عوسمان، پلکە زرێخ خێزانی مام عوزێری، ئەمانە لەسیەکان و چلەکان تا دەگاتە حەفتاکان مامان بوون. وە ئەوەی کە پیشەی دکتۆری میللی زانیوە برایمی عومەر گەورە بووەو زۆر نەخۆشی چارەسەر کردووەو ددانی خەڵکی کێشاوە. وە هەروەها تەها رەشکە ناڵبەندێکی چاک بووە. وە هەروەها سمایل وەلی دارتاشێکی زۆر باش بووە کانتۆرو باول و شتی بۆ گوندەکەو گوندەکانی تر دروست دەکرد.

سەرتاشەکانی گوند (یوسف عوسمان پیرە، مستەفا حاجی سێ ژن).

وە هەروەها خوالێ خۆشبوو (حامید عوسمان پیرە عەبدۆیی) هونەرمەندێکی تەشکیلی زۆر باش بوو لە بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پێشانگایەکی تایبەتی لە ناحیەی گوێر کردەوە بۆ زۆربەی ماڵەکانی تەلەخێم وێنەی مەلا مستەفا بارزانی دروست کرد وەهەروەها لە ساڵی ١٩٧٢ دوو پێشانگای کردەوە یەکێکیان لە ناحیەی دیبەگەو ئەوی تریان لە قەزای مەخموور کە پێشانگاکە سەرجەم وێنەی جۆراوجۆری بارزانی و پێشمەرگەی کوردستان بوو، وە هەروەها دەنگیشی زۆر خۆش بوو زۆربەی گۆرانیەکانی (نازم غەزاڵی) دەگوتەوە.

مرۆڤی سەرسام دەکرد. وە هەروەها راوچی و نیشانەشکێن و سوارچاکەکانی گوند ئەمانە بوون (حاجی سادق، کێخوا سلێمان، خورشید عومەر ئاغا، حاجی نایف مەولود) وە هەروەها دوا ڕاوچی گوند (عەلی بەگ) بوو.

لەسەرەتای سییەکان خورشیدی مامی کێخوا سلێمان قەوانێکی کڕی و لە چلەکان فرۆشتیەوە کەریمی حاجی خدری، وە لە ساڵی ١٩٤٦ مەجید حوسێن خاسێ رادیۆیەکی کڕی. وەیەکەم کەس بەرلەوەی تەلەخێم کارەبای بۆ بێت تەلەفزیۆنی هەبوو قادری عومەر سێوی بوو.

*** سوپاس و پێزانین بۆ ئەو بەڕێزانە کە هاوکاریان کردووم ئەمەش ناوی چەند کەسانێکن لەوانەی هاوکارییان کردووم بۆ نوسینی ئەم بابەتە:**

**١ ـ مەحمود وەلی حاجی سمایل تەمەنی (٧٧) ساڵە.**

**٢ ـ مەحمودی کەریم رەشەی تەمەنی (١٠٠) ساڵە.**

**٣ ـ کەریم حەمە جان دووەم بەڕێوەبەری خوێندنگای تەلەخێم (٦٥) ساڵە.**

**٤ ـ مامۆستا مەلا مەجید تەمەنی (٧١) ساڵە.**

**٥ ـ مامۆستا جەعفەر زەینەل**

**٦ ـ قادری برای کێخوا سلێمان.**

**٧ ـ حاجی فارس رۆژبیانی بەرەحمەت بێ کۆچی دوایی کرد.**

**٨ ـ حاجی سەعید مستەفا قادر تەمەن (٧٤) ساڵە.**

**٩ ـ سەدیق قادر شێخە تەمەنی (٧٠) ساڵە**

**١٠ـ سەلام کەریم حاجی خدر**

# بەڵگەنامەکان خۆیان دەدوێن

گۆشەی بەڵگەنامەکان بۆ یەکەمجارە لە گۆڤارەکەمان دەخەینە سەر پشت، بۆ ئەوەی رووی بەفەرمی کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن لەلایەن رژێمی داگیرکەری عێراق لە دەڤەری مەخموور روون بکەینەوە، لە دوو بەڵگەنامەی ئەم جارەمان رژێمی بەعس کۆمەڵێک مامۆستای کوردی لەناو شاری مەخموور بەمەبەستی دوورخستنەوەیان گواستۆتەوە شوێنی دوور


بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة التربية
المديرية العامة للتربية
في محافظة نينوى

العدد /
التاريخ / ٢٠٠١/

امر اداري

بناء على مقتضيات المصلحة العامة؛
تقرر نقل المدرسين والمعلمين في ادناه الى المدارس المؤشرة ازاء اسم كل منهم اعتباراً من تاريخه اعلاه ..

الاسم الثلاثي — المدرسة الحالية — المدرسة المنقول اليها

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة التربية
المديرية العامة للتربية
في محافظة نينوى
الملاك الابتدائي
العدد / ل ١٦٤٥٧ [illegible]
التاريخ ١٢/ ٩/ ٢٠٠٦

امر اداري
م/ نقــــــل

بناءً على مقتضيات المصلحة العامة:
تقرر نقل المعلمين والمدرسين المثبتة اسماؤهم ادناه الى المدارس الموشرة ازاء اسم كل منهم اعتبارا من تاريخه اعلاه ..

| الاسم الثلاثي | المدرسة الحالية | المدرسة المنقول اليها |
| --- | --- | --- |
| سعدي خضر مولود | معلم مخمور الابتدائية | معلم اطيبه الخويه |
| قادر ابراهيم شريف | = = | = = الشرقية |
| رسول محمد امين رسول | = الفراي الابتدائية | = الرشادية |
| صلاح حسين رمضان | = = | = اسماعيلية |
| ياسين اسماعيل خليف | = الميثاق في مخمور | = عبد الله الترناز |
| احمد بيرو داود طه | = = | = الركمي |
| نبيلة صباح قادر | معلمة بازارك للبنات | معلمة الحضر للبنات |
| بديعة مولود توفيق | = = | = = |
| لطيف قادر حمد | معلم قره جوغ الابتدائية | معلم السعدي في الحاج |
| سالي محمد امين | مديرة روضة البروج في مخمور | معلمة الحاج للبنات |
| سالكة محمود | معلمة = | معلمة = |
| ابراهيم قادر امين | معلم منسب في ثانوية مخمور للبنين | معلم اجليعيد في الحاج |
| نعمان قادر بيرو داود | = = | معلم امزيرعة في الحاج |
| فرست احمد اسماعيل | = = | معلم جابر لفش في الحاج |
| جعفر زيغل كريم | مدير ثانوية مخمور للبنين | مدرس ثانوية / الحضر |
| عبد الله يونس قادر | مدرس ثانوية / مخمور الصناعية | مدرس ثانوية / الحاج |

د. احمد محمود زيدان العبيدي
المدير العــــام
٢٠٠٦/٩/

نسخة منه الى /
مكتب السيد المدير العام / للعلم مع التقدير
مديرية الاشراف التربوي / =
التقدير / =
الملاك الابتدائي / ذ / الابتدائي / الحاسب الابتدائي / سجل الصادر
ادارات المدارس اعلاه / لاعلامنا بالانفكاك والمباشرة

# گەری مەنجەران

دایکی ڕێباز

شاخی سەرکەشی قەرەچووغ خودان مەڵبەندی شوێنەواری مێژوویی بەناوبانگ و دێرینە، کەپشتاوپشتی وەچەکانی ئەم دەڤەرە، هەزاران یادەوەرییان لەچوارچێوەی گەشتی ژیان لەسای ئەم شوێنەوارانەدا تۆمارکردووە!. گەری مەنجەرانیش کەیەکێکە لەو شوێنەوارە مێژووییە قەشەنگانەی بناری ئەم شاخە سەرکەشەو خەڵکی مەخموورو گوندەکانی دەوروبەری ئەم دەڤەرە، لەزۆربەی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکانەوە خۆیان دەڕازێننەوە بەجلی ئاڵاوواڵاوە لەدەوری ئەم شوێنەوارە دڵگیرە بارگە هەڵدەدەن هەر لەچێشتەنگاوەوە تانزیک ئێوارە بەبەزم و ڕەزم و شایی و هەڵپەڕکێ وە ئەو ڕۆژە بەسەردەبەن و خەم بەبادەدەن و بەدڵێکی بێ خەوش جەژنە پیرۆزەش لەیەکتری دەکەن.

لێرەدا پێویستە مشتێک لەخەرمانەی زانیاری دەربارەی پیرۆزی ئەم شوێنەوارەو چۆنیەتی شوێنکەوتەی جوگرافی (گەری مەنجەران) بخەینە بەردیدی خوێنەران.

گەلی مەنجەڵان - یاگەری مەنجەران. لەگەری یەکی گەورە پێکهاتووە کەدەکەوێتە بەشی پێشەوەی شاخی سەرکەشی قەرەچووغ و سەرووی گوندی گەڕەسۆرو مشارکەبەلای باکووری شارۆچکەی مەخموورەوە هەڵدەکەوێ.

نێوی مەنجەڵێشی بۆیە بەبالابڕاوە لەقەراخ چیاکەدا



گەری یەکی قلیشیاو بەدی دەکرێ ئاوێکی ساف و شیرینی لێ دێتەخوارەوە دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە نێو سێ مەنجەلی لەبەرد دروستکراوە، وەچەندین باڵندەی جۆراوجۆر دێنە ئەم گەری یە، وەک کەوو سووسکەو بوولبل و پۆڕو....تاد، کەلەم مەنجەڵە بەردینانەوە تینوێتی قورگیان دەشکێنن هەروا لەم گەرییەدا چەندین dارووdرەختی سروشتی و خۆڕسکی لێ ڕواوە وەک (داری هەنجیرە کێوی و دار قەزوان) کەدیمەنێکی دڵڕفێنیان داوەتە شوێنەوارەکەو مرۆڤ سەرسام دەکەن!

گەری مەنجەران بەشوێنێکی هەڵدێردا کەوتووەو هەموو مرۆڤێک ناتوانێ بەئاسانی گوزەربکا بۆ نێوگەری یەکەو ئاوی نێو مەنجەڵە بەردینەکان بخواتەوە! چونکە شوێنەکەی سەختەو، لەهەندێ شوێندا پێویست بەوەدەکات هەڵبەزو دابەزبکەی بەهۆی ئەو بەردەبازە گەورانەی کەلەئاکامی باران بارینی زۆرەوە لەکەناری دۆڵەکەدا کەوتوونەتە خوارەوە، جوانترین دیمەنیش کەدەکەوێتە پێشت بەرلەوەی بگەیە نزیک ئاوەکە بەردێکی گەورەیە کەبەستوونی چەقیوەو بەردێکی تریش بەئاسۆیی کەوتووە، کەلایەکی کەوتۆتە قەدی شاخەکەو لایەکەی تریشی کەوتۆتە سەربەردە ستوونەکە وەک دەروازەو هەیوانێکی لێ هاتووە، هەریەکێکیش کەنیازی سەردانی ئەوشوێنەی هەبێ، دەبێ بەو دەرگایەدا تێپەڕێ تابەئاوی نێو مەنجەڵە بەردینەکان دەگا.

هەروا زۆرجاران کێبڕکێ دەکرێ بۆ زووتر گەیشتن بۆ نێوگەری مەنجەران لەسەر دەستی لاوانی ئەم دەڤەرە. چونکە ئەم شوێنەوارو ئاوە بەشتێکی ڕوحی و پیرۆز نرخێندراوەو گوایە دەڵێن (ئەوەی کە ئاوی نێوئەم مەنجەڵانە بخواتەوەو بەئارەزووی شتێکەوە بچێ، ئەوا خولیاو ئاواتەکەی دێتەدی!).

# حەیرانبێژ
# حاجی عەلی شەناغەیی

لاوان سنجاوی


حەیران بێژ حاجی عەلی شەناغەیی

حەیران لایەنێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی کوردەواری بەردەکەوێ، رۆژێ لەرۆژان حەیران و لاوک و بەستەو گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بۆنەو بەسەرهات و بەزم و رەزمی خۆشیان پێ بەرێکراوە.

ئەو ئەدەبە میللی یە سەرزاری یە سادەیە قۆناغێکی دورودرێژی لەدیرۆکی ژیان و رووداوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەسەر بردووە، بۆیە مۆرکی خۆی بەسەردەم و بارودۆخی ژیانی کۆچەری و دەوارنشینی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری نوساندووەو گوزەران و ژینگەو کەش و هەواو نەریت و خوی ئەو رۆژگارانەمان بیردەخاتەوە، رۆژگاری رەشماڵ نشینی و دیوان و دیوەخان قۆناغی رازانەوەی ئەدەبی میللی یە، لەوێوە بنەچەو بنەماکانی ئەو شێوازە ئەدەبە فراژی بووەو چەکەرەی کردووە، بۆیە لەگەڵ بیرکردنەوەو شێوازی نەریت و داب و بەهای زۆربەی خەڵک یەکدەگرێتەوە، هەروەها لەگەڵ بیرکردنەوەی پانتایەکی گەورەی جەماوەر دەسازێ و روخسارێکی کۆمەڵایەتی هەمووگەلی وەرگرتووە.

چونکە خولیاو زەوق و حەزو ئارەزووی خەڵک بەهۆیەوە دەکرێتەوەو مرۆڤ لەگەڵ بەندو بەیت و حەیران و لاوک و بەسەرهاتەمیللیەکان سۆزی دەبزوێ و

ئەندێشەو خەیاڵ و هۆش و هزری بەئاگادێتەوە، لەگەڵ ستران و ئاوازە میللیە رەسەنەکان هەست و نەستی دەجۆشێ، ئەمە خاسیەتی ئەدەبی میللی زۆربەی گەلانە، بەتایبەتی لایەنی گۆرانیە فۆلکلۆریەکان کەلەکاتی بۆنەو یادو بەزمەسات دەگوترێت و دێنەوە ناو دڵ و دەرون و هەستی کۆمەڵ.

تائێستا ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەیەکجاری قۆناغی کۆکردنەوەی جێ نەهێلاوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەو جۆرە ئەدەبە میللی یە سەر زاری یە هێشتا هەر لەناو دەم و دەرونەو کۆنەکراوەو نەخراوەتە بەر کاغەز.

لێرەدا ژیان و هەندێک بەرهەمی حەیران بێژێکی تر دەخەینەڕوو چەپکێک لەبەرهەمەکانی بەسەردەکەینەوە، ئەویش ناوی (عەلی رەسول حوسێن)ە، ئەو هونەرمەندە میللیە، یاخود حەیران بێژە لەساڵی (١٩٣٠) لەگوندی (گردەشینە)ی سەربەناحیەی قوشتەپە هاتۆتە دنیا، خۆی تاقانەبووە تەنیا خوشکێکی هەبووە بەناوی (سێوە)، ئەویش لەتەمەنێکی زوو کۆچی دوایی کردووە، لەناوژیانی مەڕوماڵات پەروەردەبووەو خەریکی ئەم پیشەیە بوونە لەگوندەکانی گردەشینەو گردلانکەو باشتەپە باریان کردووە لەگوندی (شەناغە) سەربەناحیەی (کەندێناوە) ئاکنجی و نیشتەجێ بوونە، ئەمەش لەبەرئەوەی ماڵەپلکی یاخود پوری بەناوی (حاجی خوازێ) لەوێ بوونە، لەشەناغە خەریکی کشتوکاڵ و شینایی بووەو چەند ساڵێک لە غاباتی دوبز کاری کردووە، ساڵی ١٩٧٥ شەناغە بەرلێشاوی تەعریب دەکەوێ، ئەمیش وەک سەرجەم خەڵکی دەڤەرەکە پەڕاگەندە دەبن، بۆیە دێتە گوندی (گابەرەکە)، پاشان لەساڵی ١٩٧٩ دێتە هەولێر لەگەڕەکی باداوانی مەلافەندی نیشتەجێ دەبن، ئێستاش هەواو هەوەسی لەگەڵ حەیران و بەستەو لاوک زۆرخۆشەو گەلێک زەوق و خولیای بەحەیرانەکانی حەیران بێژان (قوشەی فەقێ عەزیز) و (مەحمودی سەید بەسێ) دەکرێتەوە، مام عەلی خۆی مرۆڤێکی زەوقی و هەوایی بووە، حەیران و بەستەش بناغەی لەسەر زەوقە، مرۆڤی حەیران بێژ دەبێ کەسێکی دڵتەڕو خاوەن کەیف و سەیف بێ، پۆشتەو پەرداخ بێ، جل و بەرگی دەرەونەق و ئاڵ و والآ لەبەربکات، ئەمانە هەموو لەکەسایەتی مام عەلی هەبووە هەروەها پشتاو پشت و دەماو دەمیش لەخەڵکی پێش خۆی فێربووەو کەلکی لێوەرگرتون، حەیران و بەستەکانی مام عەلی وەک حەیران بێژانی تر گوزارش لەژیان و خۆشەویستی و دنیای ئەڤینی و حەزو هەوەسی لاوان دەکات و پەیامی نیازو مەبەستی کۆمەڵی کوردەواری دەردەبڕێ و مۆرکی رەسەنایەتی پێوەدیارە، وێڕای هەموو ئەمانەش مام عەلی کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی ناوخێزان و دەوروبەریەتی، لەبۆنەکانی شادی و پرسەو مەسرەتی رۆڵی مرۆڤی خێرخوازو چاکەدار بۆ خەڵکی دەوروبەری دەگێڕێ، مام عەلی دووژنی هێناوەو خاوەنی (٨) کوڕو (٧) کچە، لەژیانی دا زۆر ئارەزووی (زیارە) کردووەو زەوقی بەدروێنەو ساوار کوتان هاتووە، لەساوار کوتان بەبێ ئەو کۆڕ گەرم نەبووە، ئارەزووی لەیاری (کەرەمستانێ)یە،

هەرجاری یاری کەرەمسانێ ی کردبێ حەیرانی گوتووە.

گاز دەکەم حەیران لەگۆمان لەگۆمە سۆران
ئەو لای کەنداری.
ئەنگۆ بەچاوی من زەیندەنە ئەوێ زالمەی
چەند شیرن دەلەوەڕێ لەسەر سۆران
لەناو ئاقاری.
ئامان سەد ئامان نابەخوای بەرانبەری
گاوەرەو کاولەکەنداری.

* * *

گاز دەکەم وەندی بەمن وەندی
مامزەی قەفەری، نابەخودای
سۆنەی پیرە کاولە دەربەندی
کوڕ دەرێ بابانێ داکێت وێران بێ
ئەتوو ئەوسار زستانێ هەڕاج کە
خەت و خارێ گەردەنێ
نابەخودای جۆتە شەمامەی
ڕۆستەم بەگی بەچەندی.

* * *

حەیران دەرێم ئەوڕۆ بەوێی سبیانێ
کەیفێ گۆتنێم هەستایە
نازانم لۆ درێ خۆم
ئەوان برادەران
بەکێندەرێ دا هەربرێم
سەدجار سەدجاری
بەپونگینەی مامەری.
ئەمن رەشە رێحانم دەچاند
سۆرێ گورێ
باغان دەهاتە بەری.

کیژ جوابان دەنێری
بەگەلی دەستە خوشکان.
دەرێ ئەگەر ئەتو ئەمن ناخوازی.
ئەوا لەسەرە من خڕبووینەوە
دەرارە لەگەر مشتەری.

* * *

گاز دەکەم دەربەند دەربەندە
دەربەندۆک بەمێوە.
کورتەکی زەردە، حەمایلۆک پێوە.
گەر دری من و
ئەوێ زالمەی تێک بی.
مار بەمارێوە.
دەربەند بەتاقە تاقە.

زورگەزراوی خۆمان بەکوریک کوریکە مێلاقە.
ئەمن دەست لەسەر
ئەوی زالمەی هەرناگرم
بەخودای هەر بەمارەو تەراقە.

* * *

حەیران گەری بەگەری
نابەخودای نۆری بەنۆری.
لەملێ حەیرانێ من دایە
خەناوکەکی بەمەرجان و مۆری.
بارایێ برند دەبەن لۆ گولەکەی مێردان
چەند شیرن دەیخەملێنن
بەزەردو سۆری.

* * *

نەناری سەدجاران بەمن ناری
رومەتیان سۆری گور گوری.
پەرچەمیان سۆرە خەنەی هەرناگری.
ئەوی ناسکە گەلەک مندارە.
ئەوسارەکە بەوێ زستانێ.
بەژنی گچکۆکە لەولاتی غەریبیان
بگۆڕی قەولە لەگە قەراری

* * *

حەیران حەیرانە
حەیران هەمینە
قۆندەرەی زەردە
گۆریەی چەلینە
بەژنی کەپرۆکەو شانە شینە
خۆم لەپەلکێ وەرینە
نازانم ئەوی زالمەی
لۆ چ کەیفی جارانی نینە.
حەز لێکردنی هەموو خەرکی
بەسارو مانگە.
ئی من و نازدارێ
هەر بەمردن و ژینە.

* * *

هێوارە درەنگە
رۆژنەما مێگەلەکی سواران
لەپێش دەرکەی مارێ نازدار حەیرانێ
دەیکرد ئۆغرەمە.
لام وابی داخوازی بارایێ برندە
چۆکم دەشکا.
نابەخودای، چ رۆحم
لەکنەخۆ نەدەما.

* * *

ئەورۆ سبەینێ رارۆیی
ئەستێرەکەم لێ هەرات لەلای یەمەنێ
پێروهەرات چەندی دەکەن تەرازو نایگەنێ
سەد حەیف و مخابنێ جیزە دنیایێ
لۆ ئەوان گەورە کیژان
شەوێ لەسەر سێباری نیوە شەوێ
کەلەکان دەگۆڕن، بەهەناسەکی سارد
نابەخودای لەمارە بابان
هەربەتاقی تەنێ

* * *

گازدەکەم جوانێ گەلەک جوانی
توخوا بەجوانی خۆت مەنازە.
حەیران ئێواران قورینگەو.
نابەخوای بەیانیان قازە.
ئەوجا کیژ دەرێ: کورە هەتیمە لاوە
شەوێ لەسەر سێ باری نیوە شەوێ
قۆر باوێ سەر شاملیا بەکەزی
بگرە شەمامە شەمامەی بەندی باغەرێ
بگەزە کولمەیا روومەتێ
نابەخودای کیژ دەرێ کورە هەتیمە لاوە
سەد جارا گەردەنت ئازە

# «حکومەتەکەی کلکەی قەرەچووغ»



ستار مستەفا بابان

لەسالآنی سی یەکانەوە ... حکومەتی پاشایەتی ئەوسەردەمەی عیراق ... پۆلیسەکان بەسواری ولآغ لەگوندەکان دەسوڕانەوە لەدوای سەربازە هەلآتووەکان و ئەوانەی سەربازییان نەدەکرد دەگەڕان.

ئەگەر سەربازیشیان بکردبایە لەڕۆژی جل لەبەرکردنی سەربازی ئەوا لەومالە دەبووە شین و گریان ... خەلکی زۆر لەپۆلیسان دەترسان گەلی کوردیش هەروەک چۆن لەدێرزەمانەوە چەوسێندراوەتەوەو ئەویش کۆلی نەداوە هەرحەزی لەئازادی و حکومەتی خۆی هەبووە .... بۆیە لەکلکەی قەرەچووغ وکلکە (میرجان) کەدەکاتە تخوبی ئاقاری تەلەخێم و زمارەو هەوارە سەیدەو بلولان و تۆپی کانی وەکازەو میلوهۆرد ، کورتاندروو خەلکی ئەم ناوە مەڕومالآتێکی زۆریان هەبوو، لەکاتی بەهاران گیاوگۆلێکی زۆری هەبووە بۆیە مەڕومالآتی ئەم گوندانە لەوێ کۆدەبوونەوەو هەرلەو شوێنە «شوانەکان» لەسەر شێوەی کاربەدەستانی (لیوای هەولێر)ی ئەوکاتە حکومەتێکیان پێک هێنا کەبەم شێوەی خوارەوەبوو:

١- مستەفا شەل: کرا بەپاشا واتا متصرف، ئەمەیان گەنجێکی توندو تۆل بوو خاوەن کەسایەتی خۆی بوو، شوانی «حاجی سادق» بوو.

٢- نادرە کەڕ: بەڕێوەبەری پۆلیس«مدیر شرطە» بوو.پیاوێکی ئازاو ڕەشید بوو... شوانی «مەولودی حاجی تەها» بوو.

٣- خدر خەمە: «أمر إنضباط» بوو. زۆر ئازاو بوێربوو شوانی سمایل رەمەزان» بوو.

٤- شەریفەقووت و عەلی خەزارو حوسێن خڕک و چەند شوانێکی تر هەموویان «پۆلیس» بوون زۆر ووشیارو چاپوک بوون: فەرمانی سەرووی خۆیان جێ بەجێ دەکرد «سلسلەی مراجعە»

پاشا: لەسەر بەردێکی گەورە چەند قاپوتێکیان بۆ لەسەریەک دادەناو .. دادەنیشت.

دووپاسەوانی بەتوانای توندوتۆلی لەبەردەست بوو، یەکێکیان لەدەستە ڕاست و یەکێکیان لەدەستەچەپ ڕادەوەستان...

حکومەتەکە بۆ ئەوە دروست نەکرابوو زەرەر بەکەس بگەیەنێت و ڕێ گری بکەن و پارە لەخەلکی وەربگرن... بەلکو حکومەتەکە لەئەنجامی زولم و زۆرداری پیاوانی ڕژێمی

پاشایەتی عێراق و ئاغاکان و هەندێک لەمەڕدارەکان هاتبووە کایەوە...

بۆیە بەزۆری چالاکیەکانیان بەم شێوەی خوارەوەبوو... هەرکاتێک یەکێک لەم زۆردارانە (پیاوانی رژێم و ئاغاو کوێخاو مەڕداران) بەناو تخوبی حکومەتەکەیان تێ بپەڕیبان ئەوا دەگیران و سزادەدران... سزاکەش بەگوێرەی زۆرداری و دەست رۆیی ئەوکەسەبوو کەدەسگیر دەکراو بریتی بوو لەپارە لێ ساندن یاخود خواردن (شیو) دروستکردن بۆ هەموویان.

هەندێک جاریش توندوتیژیان بەکاردەهێنا بەرامبەر ئەوکەسەی کەبیانزانیبا زۆردارەو دەسگیریان دەکردو لەسەر لەپ و بەسەرەنێزەو زەختە وەک ئیهانە بۆلای پاشایان دەبرد... پاشاش فەرمانی سزاکەی دەردەکرد جارێکیان(کێخوا سلێمان) مەڕدارو دەولەمەندبوو دەسگیر دەکەن و سزاکەشی شیویان پێ لێ نابوو...

لەهەموویان سەیرتر... رۆژێک بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ بەسنووری ئەم حکومەتە تێ دەپەڕێت ... پۆلیسی شوانەکان رێیان لێ دەگرن و بەڕێوەبەری ناحیە دەستگیر دەکەن و دەڵێن جەنابی پاشا داوات دەکات...

پۆلیسەکانی بەڕێوەبەری ناحیە قایل نابن و خۆیان گیف دەکەنەوە... بەڵام بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێ و هیچ روونەدات بەڕێوەبەری ناحیە دەڵێت فەرموون باپچین بۆلای پاشا...

ئەوانیش وەک پێویست دەیبەن بۆلای پاشاو سڵاوی لێ دەکەن ... پاشاش وەڵامیان دەداتەوەو بەبێ ئەوەی لەبەریان هەستێتەوە...

بەڕێوەبەری ناحیە دەڵێت فەرموو جەنابی پاشا چی ئەمر دەفەرمووی... بڵێ...پاشاش پێ ی دەڵێت تخوبی ئێمەیە بۆ نازانیت؟ هەرکەسێک لێرە تێ پەڕێت و بڕوات دەبێت سەرانەبدات...

بەڕێوەبەری ناحیەش دەڵێت فەرموو چی ئەمر دەکەیت من حازرم...!

جابڕێک پارەی باشی لێ دەسێنن ... بەڵام بەڕێوەبەری ناحیە بەزانایی و زیرەکی ناوەکانیان وەردەگرێت و دەزانێت شوانی چ مەڕدارێکن... بۆیە کەدەگەڕێتەوە بۆ «گوێڕ» بانگی مەڕدارەکان دەکات و بۆچەند رۆژێک بەندیان دەکات و هەڕەشەیان لێ دەکات دەبێت بەزووترین کات ئەم شوانانە دەربکەن... ئەوانیش کەدەگەڕێنەوە بۆ گوندی خۆیان بەناچاری هەرکەسە و شوانی خۆی دەردەکات... بەم جۆرە حکومەتەکەی «کلکەی قەرەچووغ» کۆتایی پێ دێت. دوای ئەوەی بەم شێوە چوار پێنج مانگ حوکم دەگێڕن..

**سەرچاوەکان:**

**١) ئەم زانیاریانەم لەهەندێک ریش سپی و بەساڵاچووەکانی ناوچەکە وەرگرتووە.**

**٢) بەڵگەنامەو زانیاری لەناحیەی گوێڕ لەتۆمارەکان پارێزراوە.**

# قەرەچووغ چاوی بەبیل کلینتۆن دەکەوێ؟!

پەیمان دزەیی

لەسەرچاوەیەکی زۆر باوەڕ پێکراوەوە پێمان گەیشتووە کەچەند ڕۆژێک بەرلەجەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ بەڕێز کاک(قەرەچووغ دزەیی) کەلەبنەماڵەی دزەییەکانی هەولێرەو ساڵانێکە نیشتەجێ ی لەندەنەو کاتێک لەپرسگەی یەکێک لەنەخۆشخانەکانی لەندەن لەچاوەڕوانی چوونە ژوورەوە بوو بەرێکەوت چاوی بە بیل کلینتۆن سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەوێت و یەکسەر کاک قەرەچووغ هەرزوو وەک کوردێک خۆی بە بیل کلینتۆن دەناسێنێ و باسی کێشەو مەینەتیەکانی نەتەوەی کوردی بۆ دەکات و



دیارە کلینتۆنیش هەرزوو لەمەسەلەکە دەگات و دەڵێت «ئاگاداری هەموو مەینەتیەکانی گەلی کوردین هەرلەتێک دانی گوندەکانەوە تادەگاتە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە» پاشان کاک قەرەچووغ بەپەلە قسە بەبیل کلینتۆن دەبڕێ و پێ ی دەڵێت «ئەی کەواتە بۆ لەماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانیت دا شتێکت بۆ گەلی عێراق و کورد نەکردو لەو دۆزەخە ڕزگارت نەکردن» ؟ کلینتۆن لەوەڵام دا دەڵێت «مستەر قەرەچووغ ئەم قسەیە لەمن وەرگرەو کردەوەش لە جۆرج W بۆش بزانە ئەمجارە کۆتایی بەهەموو شتێک دەهێنین و سەرۆکە سەرشێتەکەشتان حەواڵەی زبڵدانی مێژو دەکەین».

# ئاوارەکانی مەخموور و قەراج و کەندێناوە قوربانی ئاکامەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنن..!؟

ڕیپۆرتاژ/ پەروەر پالانی

**ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەناوچەکانی مەخموورو قەراج و کەندێناوە هەرلەکۆنەوە دووچاری ئاوارەیی و دەربەدەری بوونە لەسەر زێدی خۆی، ئەمیش بەهۆی سیاسەتە نەگریسەکانی ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی ناوچەکەو پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی خەڵکەکەی، هەربۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی دەرکراوانی ئەم دەڤەرە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری وڵات لەزیادبووندایە، لەم سۆنگەیەوە بەپێویستمان زانی خەڵکی بێ نازی ئەم دەڤەرە بەسەربکەینەوەو لەڕێگەی ئەم ڕیپۆرتاژەدا پێشنیارو داواکارییەکانیان بخەینەڕوو:**

- سەرەتا چاومان کەوت بە (**قادر تەها**)



(کاکەڕەش) خەڵکی دیبەگە، سەبارەت بەڕەوشی ژیانیان وتی (لەساڵی ١٩٩٩ کاربەدەستانی ڕژێم داوایان لێکردم کەزەوییەکەم و دەواجنەکەم بەنیوەیی لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان کاری تیادابکەم بەڵام ئەو داوایەم ڕەتکردەوەو ناوچەکەی خۆم جێ هێشت و هاتمە هەولێر، بەڵام بەداخەوە کەچی لێرەش بەساردی پێشوازی کراین و لەهیچ لایەکەوە یارمەتی نەدراین، وێڕای ئەوەی چەند جارێک چوومە ناوچەی مەخموور - بەڵام تائێستا ناسنامەی ئاوارەیان بۆ نەکردووم و بگرە بەئاوارەشم دانانێن ، گوایە من سێ ساڵەهاتووم و ئەم بڕیارە نامگرێتەوە کەچی خەڵک هەیە حەوت تا دەساڵە هاتووەو ناسنامەی ئاوارەیی بۆکراوە) ئینجا لەدرێژەی قسەکانی دا پێشنیاری کرد کەواچارەنووسی ئەم خەڵکە دیاری بکرێ و پشت گوێ نەخرێن و حکومەتی کوردستان چاو بەبارودۆخیان دابخشێنێتەوەو هەوڵی ئەوە بدرێ کەوا کارئاسانیان بۆ بکەن بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

هەر لەومیانەدا چاومان بە (**خالید سولتان**) خەڵکی مەخموور کەوت و هۆکاری جێهێشتنی ناوچەکەی خۆی بەم جۆرە ڕاگەیاند ووتی(هۆی



جێهێشتنی ناوچەکەمان بۆ زۆرشت دەگەڕێتەوە لەمانە نەبوونی سەربەستی لەناونانی منالّەکانمان بەناوی کوردی و نەبوونی خوێندن بەزمانی کوردی و جگەلەمەش داوایان لێدەکردین بچینە ریزی بەناو (جیش القدس)، ئایا ئێمەی کورد بۆخۆمان هەوڵ بدەین یابۆ قودس؟! لێرەش لیژنەی ئاوارەکان لەمانگی ٢٠٠٢/٥ گفتیان پێداین کەهەندێ ئامێری هاوینەمان پێ بدەن کەچی واساڵ نوێ بووەوەو زستانیش هات هەرنەگەیشت، داوا دەکەین کەوا بەلای کەمی هەریەکەو پارچە زەوی یەکمان پێبدەن ئەوەندە لەکرێی خانوو رزگارمان بێت).

ئافرەتێک بەناوی **(خەدیجە خدر)** خەڵکی دەڤەرەکە، لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەهۆی ئاوارەبوونی ووتی: (ڕژێم و کاربەدەستانی بەعس داوایان لێم کرد ببمە بەعسی و کاری حیزبیان بۆ بکەم، بەلاّم من ئەو داوایەم رەتکردەوەو هاتمە هەولێرو ئێستاکەش لێرە بەهۆی سەختی ژیان و بێ کاری



بارودۆخمان زۆر شلۆق بووە، هەروەها ڕوومان کردە کوڕەکەی کەناوی (**هەڵمەت حوسێن**)ە کەئایا دەخوێنێ؟ ووتی: (زۆرم حەز لەخوێندنە بەلاّم لەبەر سەختی ژیانمان لێرە ناتوانم بگەڕێمەوە خوێندن) وەچووینە مالّی (**جەواد محەمەد**) خەڵکی گوندی دووگردکان کەسەرەتا بەترسەوە ووتی: (کاکە هیچمان ناوێ) پێدەچێ ترسی ڕژێمی داگیرکەری بەعس هێشتا نێوچەوانی ئەم خەڵکەی بەرنەدابێ هەربۆیە لەدواییدا هەرچۆنێ بێ دواندمان ووتی: (تائێستا ناسنامەی ئاوەرەییم بۆ نەکراوە، داوادەکەین بەبێ جیاوازی مامەڵەمان لەگەڵ بکەن نەوەک هەندێ کەس شت وەردەگرن و هەندێکی تر بێ بەش بن).

**هاوڵاتیان:**
*** کاکەرەش: داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین چارەنووسمان دیاری بکەن**
*** خالید سولتان: ئایا ئێمەی کورد بۆ کوردستانی خۆمان هەوڵ بدەین یا بۆ قودس!؟**
*** هاوڵاتیەک: ئینتیمای حیزبی کاریگەری خۆی هەیە، چونکە زۆر کەس لە ساڵی ١٩٨٧وە هاتوون و ناسنامەی ئاوارەییان بۆ کراوە..**

هەروەها یەکێک کەحەزی نەکرد ناوی بهێنین بەناوی ج.خ.إ ووتی: (تائێستا هیچ لایەنێک لێمانی نەپرسیووەو هیچمان بۆ نەکراوە، ئێمە لەلایەن ڕژێمی داگیرکەرو دوژمنی کورد دەربەدەرکراوین کەچی دەرکراوی حیزبەکان ئاوارەی سلێمانی لێرە زیاتر پشتگیری دەکرێن و هەمووشتێکیان بۆ دابین کراوە، هەروەها لەدرێژەی قسەکانی دا ووتی: (بۆ دروست کردنی

ناسنامەی ئاوارەیی و شت پێدان ئینتیمای حیزبی کاریگەری راستەوخۆی هەبووە چونکە زۆرکەس هەن لەساڵی (١٩٨٧)ەوە هاتوون و ناسنامەی ئاوارەییان بۆ کراوە).

هەر لەم چاوپێکەوتنەدا پیاوێکی بەساڵاچووی خەڵکی مەخموورمان بینی کەدیاربوو بەسەردان هاتبووە هەولێر لەوەڵامی پرسیارێکماندا ئاخێکی قووڵی هەڵقوڵاند ووتی: (کوڕەکەم لەوەزیاتر ڕژێم چیمان بەسەربێنی خاکیان لێ زەوت کردین ئەوخاکەش شەڕەفی ئێمەیە کەواتە ئێمە شەڕەفمان داگیرکراوە لەوەزیاتر چیمان بەسەربێت).

هەروەها **(تاهیر عەبدوڵلا** - خەڵکی گوندی سیرمە - مەخموور) لەبارەی گوزەرانی ووتی: (بەهۆی بێ کاری باروگوزەرانمان زۆر ئاڵۆزبووە، باوەڕبکەن ئێستاکە لەتوانامدا نیە مریشکێک بکڕم بۆ ڕۆژی جەژن، لەوجەژنە خۆمان بەغەریبە دەزانین چونکە لەکەس و کارمان بەدوورین، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کەڕژێم لەبازگەکانی خۆی بەهەموو شێوەیەک ئازاری دەروونی کوردەکان دەدات کەچی بازگەکانی خۆمان ناسنامەش لەعەرەبەکان وەرناگرن ... چونکە براعەرەبەکانن!!! کاکەگیان دەبی ئێمە زۆر ئاگاداربین چونکە کورد دوژمنی زۆرە!.

لەبارەی کارەخزمەتگوزاریەکانی ئەو ناوچەیەی تێدا نیشتەجێ بوونە وەک مامزاوەو قەتەوی و ..تد ووتی: (مامزاوە ٦٠٠ ماڵ دەبێ تائێستا خوێندنگایەکی لێ دروست نەکراوە بەگوندەکانی مامزاوەو قەتەوی و نازماوەو تیمار و مزەحمەد تەنها یەک بنکەی تەندروستی هەیە کەئەویش کاتژمێری یەکەم لەهەموو ڕۆژێک دەرمانەکەی تەواو دەبێ)

دوا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ خەڵکی دەرکراوی مەخموور و دەوروبەری چاومان کەوت بە **(سیروان رەسوڵ)** خەڵکی گوندی پاڵانیان ووتی: (لەدوای راپەڕینەوە تاساڵی ١٩٩٩ بۆ حەوت جار گوندەکەمان ئاوەدان کردۆتەوەو ڕژێم تێکی داوەتەوە، لەساڵی ٢٠٠١ هاتووینە هەولێر ناسنامەی ئاوارەییمان بۆ کراوە بەڵام لەچەند بەتانیەک و فەرشێک زیاتر چیترمان پێنەدراوە).

هەرلەمیانەی ریپۆرتاژەکەمان چاومان کەوت بەبەڕێز **(عەدنان کەرکوکی)** ئەندامی لیژنەی

*** کاک عەدنان کەرکوکی ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بە عەرەبکرنی کوردستان بەداخەوە هەندێ هێزو لایەنی بەناو سیاسی ئەیانەوێ ببنە تەواوکەری سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان**

باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد سەبارەت بەکاروچالاکیەکانی لیژنەکە ووتی: (ئامانجی سەرەکی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستانە.. وەلێرەدا جەخت لەسەر ئەوەدەکەمەوە کەئێمە ناتوانین بەتەنیا ببینەبەربەست لەبەردەم سیاسەتی بەعەرەبکردن بەڵکو ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموولایەنە سیاسی و رێکخراوە جەماوەری و ناوەندە رۆشنبیرییە کانیشە کەپێویستە هەوڵی بۆ بدەن. هەروەها رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بەپلەیەک

دەتوانن بینەبەربەست لەبەردەم پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە نەگریسە. بۆ بنەبڕکردنی ئەم سیاسەتە لەریشەوە دەبێ بەشێوەیەکی کرداری ئەو بڕیارو یاسایانەی کەتاوەکو ئێستا لەعیراقدا دراوە هەڵبوەشێنرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاداشتنامەمان داوە بە UN و لە ٢٠٠٢/٣/٢٠ بۆ ئەم مەبەستە رێپێوانێکی فراوانمان سازکرد بۆ بەردەم بارەگای UN لەعینکاوەو یاداشتێکمان پێشکەش کردن و هەموو ئەو داواکاریانەی ئێمە لەبەلاغی کۆتایی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی رەنگی داوەتەوە، بۆ ئەمەش داوامان لێکردوون ئەوبڕیارانەی کەدراون لەکۆنگرەکە بچێتە چوارچێوەی کرداری و جێ بەجێ کردنەوە.

هەروەها بانگەوازێکمان ئاڕاستەی خێڵەعەرەبەکان کردووە کەزەوی و زاری کوردەکان جێ بهێڵن و چیتر نەبنە سوتەمەنی سیاسەتەکانی ڕژێمی عیراقی و بۆ ئەوەی پەیوەندی کوردو عەرەب پارێزراو بێ چیتر ماڵ و موڵکی کوردان زەوت نەکەن و داوامان لێکردوون کەبەپیری داواکاریەکەمانەوە بێن ئەگینا لەئایندەدا زەرەرمەند دەبن، هەروەها بۆبوونی ئاسەوارێکی دیکەی بەعەرەبکردن لەکوردستانی ئازادکراودا کەلەلایەن هەندێ تاقم و کۆمەڵەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ ووتی: (بەڵێ بەداخەوە هەندێ هێزو لایەنی بەناوسیاسی ئەیانەوێ ببنەتەواوکەری ئەوسیاسەتەی بەعەرەبکردنی کوردستان و بانگەشە بۆ ئەوەدەکەن کەجگەلەناوی کوردی واتاعەرەبی لەمناڵەکانیان بنێن. ئەمە بەڕای من کەمتر نییە لەوبڕیارەی کەڕژێم دەریکردووە بۆ بەعەرەبکردنی ناوی مناڵەکان و لەئاییینی ئیسلام نەهاتووە کەبلێ ناوێک کەپەسەندبکرێت تەنها ناوی عەرەبییە... نەخێر بەڵکو ئێمەی کوردیش ناوی نەتەوەیی خۆمان هەیەو ناوی شیرینی کوردی پێویستە لەمناڵەکانمان بنێین. هەر لەرێگەی ئەم گۆڤارەش دا داوا لەهەموو کوردێکی نێوهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵی کوردستان دەکەم کەوا هەوڵی ئەوەبدەن ناوی کوردی لەمناڵەکانیان بنێن و هەریەک لەلای خۆشی کاربۆ ئەوەبکات و هۆشیاری خەڵک بکەن لەم ڕووەوە.

*** کاک غازی عەزیز بەرپرسی ناوچەی مەخموور PDK ـ ی برا : ئێمە بەبێ ڕەچاوکردنی بیرۆای حیزبی جیاواز پشتگیری ئاوارەکانی مەخموور و قەراج و . . . تد مان کردووە**

هەروەها بۆ بەدواداچوونی سەرنج و پێشنیارەکانی خەڵکی دەرکراوی مەخموورو قەراج و کەندێناوە سەردانی لیژنەی ناوچەی مەخمووری PDK ی برامان کرد، و چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێز **(غازی عەزیز)** بەرپرسی لیژنەی ناوچەی مەخموور کرد لەوەڵامدا ووتی: (بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێم بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی ناوچەکانی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو بەتایبەت سیاسەتی تەعریب و راگواستنی زۆرەملێی خەڵکەکەی، ئیتر خەڵکەکە بەناچاری زێدی خۆیان جێ دەهێڵن و روودەکەنە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، ئەوهاوڵاتیانەی کەڕوومان تێدەکەن ئێمە وەک و لیژنەی ناوچەی مەخموور بەگەرمی پێشوازییان لێدەکەین و ئەوەی یاسایی بێ بۆیان ئەکەین و نووسراویان

بۆ ئەکەین بۆ لیژنەی دەرکراوەکان ئەمانیش بەگەرمی کارەکانیان بۆ دەڕوێن) دەربارەی ئینتیمای حیزبی ئایا بووەتە هۆکارێک بۆ دروست کردنی ناسنامەی ئاوارەیی و کارئاسان کردنی هاولاتیان ووتی: (ئێمە بەبێ ڕەچاوکردنی بیروڕای حیزبی جیاواز پشتگیریان لێ دەکەین، و ئەو خەڵکانەی هاتوونەتە ئێرە هەرگیز داوامان لێنەکردوون کەئینتیمای حیزبی بۆ ئێمە هەبێ و تەنیا گەر بەئارەزووی خۆی پەیوەندیان پێوەبکات، و ئەمەش نەبۆتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی ناسنامەی ئاوارەیی)دەربارەی ئەوەی ئایا بۆچی هەندێک بێ بەش بوونە لەناسنامەی ئاوارەیی ووتی: (ئێمە هەوڵمان داوە کەوا ناسنامە بۆ ئەوانیش بکرێ بەلام بەپێی ڕێنمایی (خاچی سوور) ئێستا تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کەتازەهاتوون و لەم بارەیەوە ئێمە بەرپرسیارنین) دەربارەی کارەخزمەتگوزارییەکان لەهەردوو گوندی (مامزاوەو قەتەوی) کەزۆربەی بگرە هەرهەمووی خەڵکی دەرکراوی ئەو دەڤەرەن، ووتی(لەسایەی کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی کوردستان گەلێ کاری خزمەتگوزاری ئەنجام دراوە وەک دروستکردنی خوێندنگاو هێنانی ئامێری بەرهەمهێنەری وزەی کارەبای حکومی.. و ئامادەکردنی زیاتر لە ٦٠ ریم بۆ ئەو ڕێگایەو ..تد) هەروەها بۆ ئایندەش دروستکردنی خوێندنگای ترو بنکەی تەندروستی کەرەزامەندی لەسەر دەرچووە لەگوندی قەتەوی.

هەروەها لەبەرنامەدا هەیە کەکۆلان و شەقامەکان قیرتاوو نۆژەن بکرێنەوە، جگەلەمانەش پرۆژەی دیکەمان لەبەردەستدایە بۆ خزمەتکردنیان) لەکۆتایی دا هیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤاری قەرەچووغ دەخوازم و لەرێگەیەوە سلاو بۆ گشت ئاوارەخۆڕاگرەکانی مەخموور و قەراج و کەندێناوە دەنێرین و هیواداریـن لەداهاتوویەکی نزیک دا بەزێدی خۆیان شادبن.

**دەرئەنجام :**

بەهۆی بێ کاری و کەمدەرامەتی ئەم خەڵکە خێرلەخۆنەدیووە باروگوزەرانیان ڕۆژلەدوارۆژ بەرەو خراپی دەچێ، ئەوەی کەلەساڵانی هەشتاکانەوە بەهۆی تێکدانی گوندەکان و ئەوەی بەهۆی بێزاربوون لەسیاسەتە نەخشەبۆکێشراوەکانی ڕژێمی داگیرکەری عیراقی ئاوارەبووەو زێدی خۆی جێهێشتووە، بەئاواتی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان شەوورۆژ دەخەنەسەریەک و بەم هۆیەوە ژیانی سەختی دەربەدەری و پرمەینەتی ئاوارەیی بەسەردەبەن، ئەوەی لەریپۆرتاژەکەماندا بۆمان روون بووەوە جیاوازیەکی زۆرکراوە بۆ پشتگیری کردنی خەڵکی (مەخموورو قەراج و کەندێناوەو ..تد) بەبەراورد لەگەڵ ئاوارەی ناوچەکانی تر هیچ شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەوخەڵکە بێ نازە نەکراوە، جائەمەش بەهەر بیانوویێک بێ ئەم خەڵکە مافی خوراوە، لێرەدا بەناوی ئەم خەڵکەوە داوا لەحکومەتی کوردستان و ڕێکخراوە خێرخوازەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و UN دەکەین کەوا ئاوڕێکی بەبەزییانە لەم خەڵکە بدەنەوەو هەندێ لەئازارەکانیان کەم بکەنەوە تاوەکو ڕۆژی ئازادی ناوچەکەیان دێ بەوهیوایەی کەلەئایندەیەکی نزیکدا بەزێدی خۆیان شادببنەوە.

# چیای قەرەچووغ شاخی مامزی زەردو دۆمبەڵانی سوورو کەوی سپی و زێڕی ڕەش

لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا باڵندەکانی کوردستان بەگشتی گرنگیەکی زۆر بەرچاویان هەیە ئەوەش بەهۆی گونجانی ئاوو هەواو خاک و باری جوگرافی و تۆبۆگرافی کەیارمەتی مانەوەو بڵاوبوونەوەو زۆربوونی گیاندارە کێوی و باڵندە دەشتەکیەکان دەدات و تەنها بۆ نموونە لەسەر زەمینەکان و لەبنار شاخەکان و لەنێو دارستانە زەمەندو چڕەکانی کوردستاندا هەندێک باڵندە هەن کەبەهیچ شێوەیەک لەناوچەکانی دیکە دانین و تەنانەت بەدەگمەن و نایاب و ناباو (شاذ) لەقەڵەم دەدرێت، لەوانەش بۆ نموونە جۆرێک لەپۆڕ «الدراج» کەلەکوردستاندا دەژی و بە (FRANCOliNWS) ناسراوە، باڵندەی چل بەردۆکەش تەنها لەشاخی سەفین لەبناری زورگی سینک دەبینرێ، چۆلەکەی گوێسوانەو سواندەکەش کەبە «چۆلەکەی پاساری» ناسراوە تەنانەت ناوی ئینگلیزییەکەشی لە پۆلینزانی دا هەر بە (Passari Formes) ناودەبرێت، ئەمەو جۆرەها باڵندەی دیکەی کوردستان وەک شەهێن و هەڵۆ و دوبراو باشووکەو کۆلارەو سیسارکو حەبارەو ڕەنگاڵەو هەوێردەو سوێسکەو بولبول و هوزارەو کلک تەقێنەو جووڕڕەپوتەو بلبلەشینکەو چۆلەکە زەردەو قەڵەڕەش و قەلمراوی و شینەشاهۆو قازو قولنگ و مراوی و قەتێ و کۆترو ماسیگرەو کوندەپەپۆوکلاوکوڕەو سۆفەقیتەو مریشکەڕەشەو ڕەشۆڵەو کلک مەقری و لەقلەق و بوغازو جۆخورکەو پەڕەسێلکەو هتد، هەتا ئێستا لەهەموو کیشوەری ئەورپا (٤٧٥) جۆر باڵندە (Birds) هەیە بەڵام لەم چوارشاخەی باشووری کوردستان زیاتر لە ٢٠٠ جۆرە باڵندە هەیەو تەنانەت باڵندەی تاوسیش بەر لەچوار هەزار ساڵ کوردستاندا ژیاوەو



ئا/لەتیف قادر نانەکەلی

هەرلەبەر جوانی پەڕەکانی بووەتە هێمای خواوەندی هەتاو، هەروەها باڵندەی ووشترمرخیش «نەعامە» لەکوردستاندا ژیاوەو تائێستاکەش پاشماوەی جۆرێکی ووشترمرخ لەدەشتی کۆیە دەژی و بە «سیمرخ» ناسراوە، چەندان نموونەی دیکەش وەک کەومارو کەوی ڕەش و کەوی خۆڵەمێشی بەڵام لەهەموویان سەیرترو نایابترو دڕتر کەوەکانی قەرەچووغە کەبەکەوی سپی ناسراون، چونکە زۆربەی کەوەکانی ناوچە شاخاوی یەکانی کوردستان لەشیان بەپەڕی شینی خۆڵەمیشی

داپۆشراوە بەڵام کەوە سەرنج ڕاکێشەکانی قەرەچووغ لەشیان بەپەڕی سپی داپۆشراوەو دیمەنیان زۆر جوان و دڵفڕێن و هەست بزوێنە، سەرەڕای قاسپە قاسپ و قاقبەقاقی بەیانیانی بەهاران و دەمەو ئێوارانی خۆرئاوابووندا، لەڕووی زانستی بایۆلۆژییەوە ناوی زانستی زۆربەی کەوەکانی کوردستان بریتییە لەناوی دوانی
Alactoris Kurdestan-) ica) کەکەوی خۆمانەی خۆماڵی دەگرێتەوە کەلەشاخەکانی کوردستاندا پۆل پۆل دەبینرێن و حەز لەشنەبای فێنکی دۆڵ و چیاکان دەکەن، بەڵام جۆرێکی دیکەی کەو لەچیای قەرەچووغ و شەنگاڵ دا دەژی و پێی دەوترێ کەوی سپی کەتوخمە کەوێکی زۆر نایاب و بەدەگمەنەو لەڕووی ڕەنگیشەوە ناباو (شاذە)و لەشەڕە کەویشدا زۆر دڕو ئازاو چاونەترس و جەربەزەیەو کەوبازەکان و ڕاوچیەکانی باڵندە هەردەم بەدوایدا وێڵ و سەرگەردانن و بەهەر شێوازێک بێت دەیانەوێ ڕاوی بکەن و بیخەنە نێو تەڵبەندی قەفەسی دیلێتی و



ئەسارەت، ناوی زانستی کەوە سپیەکانی قەرەچووغ و شەنگاڵ «ژەنگار» بریتیە لە (Alactoris Graice)و لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بەهەردوو زنجیرە شاخی قەرەچووغ و شەنگاڵ بکەین کەلەڕووی جیۆلۆجیاو تۆبۆگرافیاوە زۆرلێک دەچن و تەنانەت بوونەوەرەکان و ڕووەکە سروشتیەکان و گیانەوەرو باڵندە کێویەکانیشی لێک دەچن و هاوشێوەن، بەنیسبەت بەخێوکردن و پەروەردەکردن و ماڵی کردن و دەستەمۆکردنی باڵندەکانیش ئەوە هونەرێکی زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش زایین بەڵگەش وێنەی باڵندەکانی سەردیواری ئەشکەوت و پەرستگا دێرینەکانەو تەنانەت لەکتێبەئاسمانیە پیرۆزەکانیشدا ناویان هاتووە مرۆڤی کۆن و نوێش ڕاوی

باڵندەکانی کردووەو کەوی بەستەزمانیش یەکێکە لەو باڵندانەی هەرلەزۆر کۆنەوە بووەتە قوربانی دەستی مرۆڤ و هەر لەپێناو گۆشتە بەتام و چێژەکەی دا بەکۆمەڵ ڕاوکراون و ئێستاکەش هەندێک جۆری وەک کەوی سپی خەریکە بەتەواوی ئیبادە دەکرێن، تەنها بۆ نموونە لەهەولێرو دەوروبەری زیاتر لەچوارهەزار کەوباز و ڕاوکەری کەو هەیە کەپیشەیان تەنها ڕاوکردنی کەوە لەپێناو شەڕەکەودا، چیای قەرەچووغ لەڕووی جوگرافی و جیۆلۆجیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو شاخێکە لەسەر دەریای نەوت بنیات نراوە، جۆرەها ڕووەکی سروشتی هەیە گرنگترینیان کەڕووی دۆمبەڵانی سوورە کەتام و چێژێکی بەلەزەتی هەیەو لەڕووی زانستی زیندەوەرزانیەوە شاخی قەرەچووغ باشترین مەڵبەندی بەخێوکردنی دەستکردانەی دۆمبەڵانە بەهۆی بوونی ڕووەکی ڕەقڕوق (دانەقەتێ) کەپەیوەندیەکی ژینگەیی بەدۆمبەڵانەوە هەیە، بەنیسبەت باڵندەکێوی و گیاندارە کێویەکانیش ئەوا شاخی قەرەچووغ تا ساڵانی

سیەکانیش هەر بەڕەوە جوانترین و ڕەشیقترین و بەنرخترین جۆری مامزی کێوی مووزەردی لێ دەبینرا بەڵام بەداخەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەتا ئێستا ژمارەیان ڕوو لەکەمی دایەو کەوتوونەتە نێو بازنەی خەتەرناکی نەمان و فەوتان و قڕتێکردن و لەناوچوون، ئەوەش بەهۆی هەڵپەیی و چاوبرسیەتی ڕاوکەرە دڵڕەقە بێ ویژدانەکان، بۆیە پێویستە لەداهاتوودا بیر لەبنیات نان و دروستکردنی ناوچەی پارێزراو (محمیات) بکەینەوە کەمەسەلەی ڕاوکردنی بەتەواوی تێدا قەدەغەکرابێ بەتایبەت لەوەرزی زۆربووندا، لەڕووی ژینگەزانیەوە هەردوو دیوی قەرەچووغ باشترین و فراوانترین شوێنەواری پاراستنی گیاندارە کێویەکانن چونکە ناوچەیەکی گواستراوەی «أنتقالیە» لەنێوان هەردوو ناوچەی فێنک و گەرمەسێردا، کەدەتوانرێ زۆربەی گیانەوەرانی سمداری وەک مامزو ئاسکە کێوی و کەڕووی دۆمبەڵانی سوورو کەوی سپی تێدا بەخێوبکرێ، بێ شک ئەگەر ناوچەیەکی پارێزراوی لەو بابەتە لەکوردستاندا دروست بکرێ ئەوا نەک هەر شینەشاهۆکانی دەشتی مرکیەو نەک هەرقازو قوڵنگەکانی دەشتی سەنیەو قەتێ مل بەخاڵەکانی قەراج و کەوەسپیەکانی ئاوی چک چکەو لەقلەقە هێمن و ئارامەکانی سەر تاوەرەکانی کارەبا بەڵکو تاوس و



وشترمرخەکانی وڵاتانی عاجباتیانیش بەکۆمەڵ دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و سەرلەنوێ هێلانەکانیان بنیات دەنێنەوەو ئەوکات کەوەپەڕوباڵ شینە خۆڵەمێشیەکانی هندرێن و ماکۆ و، بناری کۆڕەک و کۆدۆ و سەفینیش پیرۆزبایی لەقەراج و کەندێناوەو قەرەچووغ دەکەن و هیوایەک بەمەکحول و حەمرین دەبەخشنەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- ڕێگای کوردستان/ ژمارە /٤/ ڕیشۆڵەکان بۆچی لەکوردستاندا نەماون؟**
**٢- کەو ئەو باڵندەی حەز لە بنیشتەتاڵە دەکات/ برایەتی / ژمارە ٣٤٨٩.**
**٣- مجلة / الثورة الزراعیة/ العدد ٤٣/ للسنة الرابعة/ ١٩٧٨/ شباط.**
**٤- الطیور البریة في کوردستان وأهمیتها/ خبات/ ٢٥.**
**٥- جریدة الجمهوریة/ ١٩٧٩/٩/٢٠، محمد حسن الحمود/ بغداد/ مرة أخری الحیوانات البریة.**
**٦- پەروەردەو زانست. ژمارە ١٦ لەلاپەڕە ٨٥ (کراوە بەکوردی).**
**٧- ئایینی ئێزدی/ نەجم ئەلوەنی، لاپەڕە ٧٩ ساڵی ١٩٩٩ هەولێر.**
**٨- جریدة الشرق الاوسط ژمارە ٣٣٦٠.**
**٩- فەرهەنگی باڵندە/ ئەحمەد بەحری/ دەزگای ئاراس/ ٢٠٠١.**
**١٠- الطیور العراقیة/ بشیر اللوس/ لەمۆزەخانەی شارستانی هەولێر دەست دەکەوێ.**
**١١- گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (٢٨) و گۆڤاری کاروان ساڵی ١٩٨٣.**

*** بەکالۆریوسی زیندەوەرزانی/ زانکۆی موسڵ/ بەڕێوەبەری ئامادەیی بارزانی نەمری کوڕان.**

# شەوانی زستان لەقەراج

**قەراج، واتە کانگای سەرهەڵدانی حەیران و بەیت و باڵۆرەو مەیل مەیلانێ و بەزم و ڕەزمی شەوە درێژەساردەکانی تاریک و پڕ لەڕووناکی!**



ئەنوەر عەزیز

بەبیرم دێ، کاتی خۆی کەمنداڵ بووم لەگوندەکەی تیماری نانەکەلی و ئۆمەربڵ و دڵساف و بەیتارو تیماری سەرکەش و دیوەخان گەرم. ئەو حەلەی ساریٚ (دایە خەجە)ی داکم غەرقی ڕەحمەت بێ، بۆ خواردنی نیوڕانێ دەچووە ناوباخچەکەی بەر دیوەخانی ماریٚ، سەری کوپە کەسکەکەی هەردەداوەو دەست و قۆرو مەچەکەکانی بسمیل دەکردو دووسێ پارچەگۆشتی دەردەیناو هووردی دەکرد. لەولاشەوە ئەسکووەکەی لەدیزە شینەکەی ڕوونی مەڕی ڕادەکردو ئەسکووەڕوونەکەی دەردینا، منیش گەلەک جارلێی دەهاتمە قسەو لچکەچارۆگە جورجێتەکەم بەردەداو دەمگۆت:- ئەرێ دایە ئەو دیزە شینەمان لەکێ بووە؟ ئەویش دەیگۆت:- ڕۆرە، ئەوە ئی ساری گرانییەکەیەو بەمیرات لەنەنە فاتمێ داپیرم لۆم بەجێ مایە... دایکشیم (دایەخەزار) پێشکەشی منی کردیە. ئەودیزەلە باب و باپیرم بەعەمرترە، سیفەتەکی زۆر باشی هەیە، کەبەهار هات پاش مەشکەژانێ و سافکردنی کەرەکە، پڕی ڕوون دەکەین و لۆزستانێ هەری دەگرین، بەشمان دەکاو هەتا دەگەینەوە بەهارێ و دەچینە قەرەچووغێ، لۆبنگەی!

پاشان قووڕینەکەی دەیناو کەپڕبوو لەپۆڵیەئاگرو پشکۆ، شیوی لێ دەناو ڕوونەکەی دەقرچاندەوەو قومە ئاوەکی تێدەکردو خێوێوی دەکردو قاورمەکەی دەهاویشتەناوێ و پاش یەک دووبرقان چەنگەساوارەکی لەچاوی دەکردوو، ساوار بەگۆشتەکی بەتام و خۆش و بەلەزەتی لۆ تێ دەکردین.. پاشان مەقەرە گەش دەکراوەو لۆ هێوارێ ئامادە دەکراو چایە پڕبۆن و بەعەترەکەشی دەهاوێشتە سەر ئاگری ڕەژووی، ناوە ناوە پیرەبابم (بابەحاجی) بەدەسترە سۆرە کودەرییە گورگورییەکەی، قەپاخی چاپەستەشینەکەی هەردەداوەو دەیگۆت:« دیارە هێشتا بەکورنەهاتییە» ئەو ڕۆژەش پڕدەبوو لەبۆنی چایەو ناوەناوەش فانۆسەکەمان برندونەوی دەبوو بڵێسەکەی پرتەپرتی دەکردو ئەوەشم بەبیرە دەیانگۆت

:«ئەو فانۆسە ئێرمەنییە» تەنیا ساڕێ جارەک کەژیەکەیان (فتیلە)دەگۆڕی، ئەوەندە بەتەمەن بوو، ئەویش ئەو تاق و دیوارەو ڕەفکە بەقوڕەکان و دەلاقە بەپەڕۆ شعادە نەقشاندرایەکە، ڕێزە گورینگەو هەمبانەسۆرو هەمبانە بڕووش و کەورە ڕێویەکەی قەد دیواری ببونە تاخم و لۆ ڕازاندنەوەی ئەو ژۆرە.

ئەوجا بەچاوی خۆم برێم، سندوقەدارەکەی پیارانمان کەلەمەڕ مام خەلیفەی باپیرم بەجێ مابوو، دەیانهێناو شەکرەهووردەش لەپیاران دەکراو لەگەر داندۆک نەرم و خۆش کەلەئاوێ دەکراو لەگەر ژاژی پڕگیای قەرەچووغی و ئەستووکە گەرمەکەی سەرسەبەتێ، خوانی ئێوارێ دەڕازاوەو خواردن دەخوراو پیرەبابیش دەستی لەبەر پشتی ڕادەکردو جۆڕکە تووتنەکەی دەردەهێناو یەک دووجار دەیتەکاندە سەر مەقەرەکەی، ئەوجا دەفتەرە جغارەکەی دەردەیناو ئەوکاتی دەفتەرە جغارەی(حەلەبی) هەبوو بەناوی (دەفتەر بافرە) کەسەت پەڕە جغارەی تێدابوو دەفتەرەکی لەتووتنێ (ئێنێ)ی دەپێچایەوە دەیگۆت: «ئەو تووتنە بۆندارە» پاشان دەستی لەباخەری دەناو چەرخەکەی دەردیناو یەک دووجاران لەناو لەپی خۆی ڕایدەوەشاند، چونکە چەرخەکە بەنەفت ئیشی دەکردو عەمبارەکی خڕی گچکەی تێدابوو(بەقەد پاتری قەلّەمەکی ئێستابوو) پڕبوو لەلۆکە، هەتا تەڕاتی نەفتەکە دەهاتە سەر فتیلە چەرخەکە، پاشان بەدووسێ جار چرپە چرپ چەرخەکە ئاگری لێ پەیدادەبوو، بۆن تووتنی ئێنێ ئەوژۆرەی قانگ دەدا.. دوای چەند چرکەیەک دەنگی مەی دەداو دەیگۆت: «دەهەڕوون بزانن دایە ئەستێر ئەگەر لەنوێژێ و لەنانی بوویتەوە برێن بابم گۆتی بابێتن دیشلەمەکی بخواتەوە» دایە ئەستێریش داکی بابەحاجی بوو، دەچووین دەستمان دەگرت و دووگردە بەنەنارنجی یە جەلەکراوەکەی لەسەرشانی خۆی بەقولابە قایم کردبوو، لۆ ئەوەی سەرما هەرەکەی لەقۆرنجی نەکا... ئەوجا دەهات و بابیشم لەبەری هەردەستاوەو دایدەنیشاندو جغارەکی بۆنداری لۆ تێدەکردو دووبالیفی خڕی بەکورکمان هەبوو، یەکی لەپشتی دادەناو ئەوی دیکەشی دەهاوێشتە بن کەلەکەی! ئەمەش دەورەمان دەداو دەمانگۆت: «دەی داپیرە .. هەقایەتمان لۆ برێ» ئەویش بزەیەکی دەهاتێ و دەیگوت:- هەبوو نەبوو، کەس لەخوای گەورەتر نەبوو! کەس لەبەندەی خراپ ڕووڕەشتر نەبوو» بەم جۆرە دەچووە ناو دنیای پڕ لەگەنجینە لەبن نەهاتییەکەی هەقایەتی گێ ئاگردان و کوردەواری، لەشەوانی قەراجی زستان!

# خوێندنەوەی کۆمەڵە شیعری بڕوخێ بێ دەنگی

**لەیلا عەزیز خاکی**
**مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی / هەولێر**

**خوێنەر بەهۆی خوێندنەوەی دەقی شیعرەوە دەتوانێ زاتییەتی شاعیر دەستنیشان بکاو لەدواییشدا ناسنامەی راستەقینەی بۆ ئەم و ئەو بخوێنێتەوە، ئەگەر ئەم ناسنامەیە پەیوەندیی بەڕووخسارو ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە نەبوو، ئەوا دیارەو گومانی تێدانیە، ئەم شاعیرە درۆی لەگەڵ خودی خۆی کردووە، هەر بەو چەمکە ئەدەبییە شیعرەکان حسێبێکی ئەوتۆیان بۆ ناکرێ و چەندین کەم و کوڕییان لێ دەدۆزرێتەوە ئەگەر بەوچاوە سەیری کۆمەڵەشیعری – بڕوخێ بێ دەنگی – ی شاعیر فەرید مەخمووری بکەین، ئەوا هەر لەجێوە دەبینین سەرجەم شیعرەکان دەکەونە سەرنەخشەی شیعری تازەی کوردییەوە، ئەم حەقیقەتەش لەڕووخسارو ناوەڕۆکی پێناسەی شیعرەکانەوە دەردەکەوێ.. دیارە مەبەستیش لەشیعری تازە ئەوەیە گوێ بەعەرووز نەداو لەڕووی ئیقاع و ناوەڕۆکەوە خۆی لەجیهانی رۆمانسیەت لوولداوە.. لەڕاستیدا ئەم جۆرە شیعرانەش پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەحاڵەتی ناوەوەی شاعیرەوە هەیەو لەزەمینەی زاراوەی خودەوە دەسوڕێنەوە:**

**توخواگیانە**
**بۆ رۆیشتی و بەجێت هێشتم**
**لەناو ئەو هەموو گریانە**
**ئەی تۆ نەتووت گەر دووربم لێت**
**بەهارم بێ تۆ خەزانەو**
**خەو ناچێتە ئەم چاوانە**
**کزەی هەناسەی بەتاسەم**
**بۆ رۆیشتی و ...**

* ئەگەر لەڕوانگەی رووخسارەوە یان چاکتر وایە بڵێین فۆرمەوە سەیری ئەم شیعرە بکەین، ئەوا دەبینین شیعرەکە هیچ پەیوەندییەکی بەکێشی عەرووزی عەرەبییەوە نییە بەڵکو لەسەر کێشی پەنجە دارێژراوە

١٢.٨.٤

ئەم جۆرە ئیقاعە زیاتر لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرە رۆمانسیەکاندا دەگونجێ و دەکەوێتە قاڵبی ئیقاعی شیعری لیریکییەوە..

لەڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم شیعرە خۆشەویستییەکی بەتاوی تێدا هەیە، ئەم خۆشەویستیە سووتان و گریان و ئاوارەبوونی

تێدا هەیە کەسەرجەم ئەم حاڵەتانەش پەیوەندیان بەڕێبازی شیعری ڕۆمانسیەتەوە هەیە لەدەوروبەری وشەی خودەوە دەسوڕێنەوە بەمەش پێناسەی شیعرو خاوەن شیعر تێک دەکەنەوەو لەناو یەک سەرچاوەدا تێکەڵ بەیەک دەبن.

زمان بڕبڕەی پشتی شیعرە، ئەگەر شاعیر لەزماندا سوارچاک نەبێ، ئەوا هەرگیز ناتوانێ مەبەستە سەرەکییەکانی خۆی بپێکێ.. ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری ئەم کۆمەڵە شیعرە بکەین، ئەوا دەبینین شاعیر زمانێکی ڕەوانی هەیەو بەهۆی ئەوەوە توانیویەتی هونەرێکی جوان و پوخت پێشکەش بەخوێنەر بکا، ئەم هونەرە مۆسیقایەکی بەجۆش و گەلێ وێنەی پڕلەسۆزو خۆشەویستی بەخۆوە گرتووە.

**وەکو خەویش بۆلای کەلاوە چۆلەکەی**
**شاری دڵ نەگەڕایەوە**
**لەبیرتە ڕۆژێ سەد جاران دەتفەرموو**
**تۆ منیت و منیش ئەتۆم..**

– تەشبیهکردنی (کەلاوە چۆڵەکە) بەکەلاوەی شاری دڵ، وێنەیەکی ڕێک و پێکە، ئەم وێنەیە سووتان و ئاوارەبوونی بەخۆوە گرتووەو پەیوەندییەکی تەواوی بەتاقی کردنەوەی شاعیرەوە هەیە.

زۆربەی شاعیرە ڕۆمانسییەکان لەگەڵ ناوەوەی خۆیاندا ڕاستگۆبووین، هەرچی لەناو دڵیاندا هەبوو. بەبێ پەناوپێچ و بەڕاشکاوی پەردەیان لەسەر هەڵداوەتەوە:–

**من ئێستاکەش لەدەستم دێ**
**وەکو خاڵە پەشێوەکەی لەمەڕ خۆمان**
**هەلقەی پەنجەت**
**لێ بکەمە تۆپەگرێک**
**بسووتێنێ ئەو پەنجانەی**
**وەکو شیعر تێم ئالابوون چوارساڵی ڕێک..**

– ئەگەر بەچاوی ڕۆژگاری تازەوە سەیری واتای ئەم شیعرەبکەین، ئەوا دەبینین ئەم واتایە بەگران بەسەر جۆری بیرکردنەوەی شاعیر سەبارەت بەئافرەتەوە داشکاوە.. چونکە شاعیر هەرگیز نابێ بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکا، کەنیوەی کۆمەڵەو پێی دەڵێن – دایک –..

ئێستاش لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا:

ئایا شاعیرێکی لاو دەبێ بەم شێوەیە سەیری ئافرەت بکا؟ من وابزانم ئەم حاڵەتە تورەبوونە تەنیا هەڵچوونێکی ڕۆمانسیانەیە، ئەگەر سەیری ڕووی دووەمی ئەم حاڵەتە بکەین، ئەوا دەبینین شاعیر خۆی بڕوای بەم جۆرە بیرکردنەوەیە نییە، ئەم حەقیقەتەش لەچەند دێڕێکی شیعرەکانی شاعیرەوە دەردەکەوێ:

**عەشقی ئێمە وەک خۆر وایە**
**گەر ئاواش بێ**
**بەرچاوانم تاریک ناکاو هەڵدێتەوە**

لەکۆتاییدا پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەم نۆبەرە شیعرەی کاک فەرید دەکەم و ئەوە دووپات دەکەمەوە، ئەم کۆمەڵە شیعرە وەک بەفر بێگەردن و ڕاستگۆیی خۆیان نیشان دەکەن، بێگومان بێگەردی و ڕاستگۆیی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هەمیشە سەرکەوتن و نوێکاری بەدواوەیە.

# مەخموور

فەرید مەخمووری ـ تاران

6 - 1 - 2003



زوڵم و کوشتن و بە تاڵان بردن
شاڵاوی پیسی بەعەرەب کردن
یان سوکایەتی بەناو و شوێنت
برینی دڵت ... پرژانی خوێنت
بێ ئومێد بوون و کۆچی لاوانت
یان بەند کردنی بەبێ تاوانت
ئەمانە هەمووی هیچن لەئاستت
پیرۆزمەندترە ئومێد و خواستت
نەکەی لەقەمەی ژەنگی بەعسی
حاڵت بشێوێ یاخود بترسی
ئەوانەی برسی و گورگی پیاوخۆرن
لەئاست گەورەییت هەردەم چاوشۆڕن
ئومێد و هیوام ... گوڵەکەم مەخموور
ئەی روناکاییم لەشەوی دەیجوور
تۆ شیعر و پەیڤ و خامەی دەستمی
ئارەزووبەخشی دڵی پەستمی
هەرچەند لێت دووربم لەجاران زیاتر

کڵپە دەسێنی وەک گڕی ئاگر
بەجۆرێک، کارت کردۆتە سەرم
ناتوانم ساتێک بێ تۆ دەربڕم
لەهەوارێکم پڕ مەرگ و ستەم
زیاد لەهەرشتێک بیری تۆ دەکەم
راستە دوور رۆییم لەبەر چاو نەمای
بەوە دڵخۆشم لەنێو دڵم دای!
ئەوکاتەی غوربەت شیعری خنکاندم
(مەنفا ) تەمەنی لێ هەڵوەراندم
هێشتا ناتوانم دەست بەردارت بم
بە ئاسودەیی دڵی زارت بم
دڵنیام رۆژێ پێت دەگەمەوە
لە دایک دەبم، گەورە دەبمەوە!
دیسان دەبمەوە کوڕەتیم حەیران
سازدەکەین شایی و هەڵپەرکێ و سەیران
دەبمەوە هاورێی یادگاریەکانم
دوور لەتۆ و ئەوان تاڵە ژیانم!...

Faredmakmore @ maktoob.com

# پەندی ژیان ...

دایکی ئاینده/ ئوسترالیا

* نابێ ئەوەی دەیزانی بیلێی، بەڵام ئەوەی دەیلێی دەبێ بیزانی . **(کورد)**
* برادەری خراپ چاوگەی ئازارە . **(تیوجنس)**
* ئەگەر ویستت خەڵک بەدرۆزنت بزانن ئەوا هەردەم راستی بڵێ. **(مارکۆز)**
* قسە دەفڕێ بەڵام نووسین دەمێنێتەوە. **(نووسەرێک)**
* سامان تاسەر هاوڕێ نیە. بەڵام هاوڕێی باش تاسەر سامانە . **(ئینگلیز)**
* ئەوەی زۆر ژیربێ کەم دڵخۆش دەبێ. **(شکسپیر)**
* سەفەرو مامەڵە برادەر تاقی دەکەنەوە. **(کورد)**
* ئەگەر بەلاوی کات وون بکەیت. بەپیری کات وونت دەکات . **(شکسپیر)**
* رێزی کۆن بگرەو پێشوازی تازەش بکە. **(شۆمان)**
* ئەوەی شانازی بەزانینی خۆی بکات نەزانی خۆی دەردەخات **(ئینگلیز)**
* ئازادی دارێکەو دەینێژین زۆرجار خۆیشمان لەبەرەکەی ناخۆین. **(شۆڕشگێڕێک)**
* گەر سامان بدوێ راستی بزر دەبێ. **(ئەفلاتوون)**
* چاک وایە کتێبخانەکەت پڕ کتێب بێت نەک جزدانەکەت پڕپارە. **(بیرمەندێک)**
* ئەوکەسەی سەرکردەیی خۆی پێ نەکرێ نابێتە سەرکردەی کەس. **(چینیەکۆنەکان)**
* چاکە بکەو لەبیری بکە، بەڵام ئەگەرچاکەیان لەگەڵ کردی لەیادی مەکە. **(کورد)**
* بەرلەوەی مۆسیقا جیهانی بێت دەبێ نەتەوەیی بێت. **(خاچادۆریان)**
* مرۆڤێک ئەگەر ناخی دەروون و گیانی بەمۆسیقا زاخاونە درابێت و نەغمەی شیرنیش نەی جولاندبێ. ئەومرۆڤە باوەری پێ ناکرێت **(فەیلەسوفێک)**
* پیاوی عاقڵ ئەوەیە کەڵک لەبەسەرهاتی خەڵک وەربگرێ نەک بەسەرهاتی خۆی... **(ئەفلاتون)**




* پەرتوکی (بەعەرەبکردنی کوردستان) کە بەڕێز کاک (غەفوور مەخمووری) نوسیویەتی، پەرتوکێکی نایاب و ناوەڕۆک دەوڵەمەندە لە دووتوێی (٢٤٨) لاپەڕەدایە کە تیایدا مێژووی بە عەرەبکردنی کوردستانی لە لێکۆڵینەوەکەیدا دابەشی سەرسێ فەسڵ کردووە.

فەسڵی یەکەم: لە چواربەش پێکهاتووە کە تیایدا باس لە هاتنی عەرەب بۆ کوردستان کراوە لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی لە ١٦ی کۆچی بەرامبەر ٦٣٧ی زاینییەوە، هەروەها باس لە قۆناغەکانی بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان و بەعەرەبکردنی کوردەکانی لوبنان کراوە.

لە فەسڵی دووەمیش: مەترسییەکانی بەعەرەبکردنی کوردستان لەسەر بوونی نەتەوەییمان خراوەتەڕوو، ئینجا لە فەسڵی سێیەم: باس لە شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان کراوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند شێوازێکی تۆکمەی خستۆتە روو کەلە ١٤ خاڵدا چڕکراوەتەوە، ئینجا لە کۆتایی پەرتووکەکە سێ پاشکۆ خراوەتەڕوو (پاشکۆی بەڵگەنامەکان، پاشکۆی نەخشەکان، پاشکۆی وێنەکان).



گوندی کەندی قەلان (وادی الغراب) بە تێکدراوی



گوندی (کەندالٚ) لە دوای راگواستنی کوردەکان عەرەبی لێ نیشتەجێکرا



(مستوطنه)ی حی صدامی دروست کراو لە لایەن رژێم لەسەر رێی باقرتە



گوندی (دووگردکان) لە دوای تێکدانی لەلایەن رژێمی بەعس ناوینرا (قریه النصر)و ئێستا عەرەبی لێ نیشتەجێکراوە


هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە: ٤ ١١٠
رۆژ: ٢٦/ ١١/ ٢٠٠٢

مۆڵـەت

بەپێ ی برگەکانی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ و فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٠٠٠) لە ١٠/١/٢٠٠٢ لەبەر ئەوەی گۆڤاری (قەرجۆغ) کە خاوەن ئیمتیازی بەرێز (مظفر خالد عبدالرحمن) و سەرنووسەرەکەی بەرێز (بایزید رحمان ئەبابکر) مەرجەکانی یاسایی تێدایە، بۆیە بریارماندا مۆڵەتی ژمارە (١٣٨)ی پێ بدەین.

محمود محمد محمود
وەزیری رۆشنبیری